# "سواڵكەرەكانی سەربەستی"

**"شێرزاد حەسەن"**

لەوەتـەی هـەین پەیوەنـدی نێـوان ئێمـەی كـورد لەگـەڵ عـەرەب و فـارس و تـورك پەیوەندییـەك بـووە كـە سـنوورەكانی نێوانمـان سـنووری مـەرگ و خـوێن بـووە، گەورەترین درۆ ئەوە بوو كە ئێمـە لەگـەڵ ئەوانـدا بـراین ، برایـەتی بڕیارێك نییـە لەناو ئەو مێژووە درۆزنەدا بوونی هەبووبێ ، مێژوویەك كە جگە لە زمانی شمشێر و بارووت هیچی دیكەی نـەزانیوە، مێژوویـەك كـە حـوكمێكی " كەڵـەگایی " بـەوان بەخشیوە و بۆتە حوكمێكی پیرۆز و خواهانە، ئەوان هەمیشە ڕۆڵی ئاغا و بەگلـەر و ئێمەش ڕۆڵی مسكێن و پاڵە و سەپانمان بینیوە، ئەوان سەردار و ئێمە كۆیلە ، ئەوان دەسـەڵاتدار و ئێمـەش ژێـر دەسـتە، ئـەوان پـتر لـە هـەزار سـاڵە بـە كـەلتوورێكی خوێناوی خۆیانەوە سواری كەلتووری ئێمە بوون و چیمان هـەبوو لێیـان سـەندین و بە زەبری شمـشێر و بـاج و خـەراج مێژوویـەكی زۆڵـی خۆیـان كـرد بـە مێـژووی زاڵ بەسەر ئێمەدا كە نەوە دوای نەوە بوو بە میراتێكی وا تۆكمە و دامـەزراو كـە رۆحـی هەر هـەموومانی داگیر كـرد، لـەناوەوە تـا نـاوەڕۆك ، ژیـانی فەرهـەنگی و ئـەخلاقی ئێمە بەو ڕەنگە ڕەشە تا ئەمڕۆكە ڕەنگ ڕێژ كرا، تا ئێستا وەك پێویست بە ڕۆشـنی و بە فكرێكی ئازاو تێرەوە تەنها ژمارەیەكی كەم باسی لە وێرانكردنی ئـەو كـەلتوور و میراتە رۆحی و ئەخلاقی و فەرهەنگییەی خۆمانی كردووە كە بـە دەسـت عـەرەب و عەجەم و توركەوە سەدەها ساڵە لەگەڵ مرۆڤەكانیدا ورد و خاش و وێران دەكـرێ و لەناو دەبرێ ، رەنگە گروپی " رەهەند " پێشەنگی ئەو كاروانـە بووبێـت لـە تـەك چەند نووسەرێكی دیكەدا ، لەوەتـەی هـەین جێ مەیـدانی جـەنگ بـووین ، جارێـك ئیمپراتۆرییـەتی عوسمـانی و جارێـك سـەفەوی و جـارێكیش ئیمپراتۆریـەتی لم و بیابان و شمشێری عەرەبە بەناوی ( غـەزەوات و فتوحـات و ئـەنفال) ەوە نـەك هـەر چوار لەت ، بەڵكو هەزار لەتمان دەكـەن ، كەچـی تـازە بـە تـازە سـەركردەكانی كـورد

دڵداری لەگەڵ عەمامە بەسەرەكان دەكەن كە بروایـان نییـە ئێمـە بـە واقعـی لـەوان جیا بووینەتەوە، ئەو دیوارە ئەستوورەی كەوتۆتە نێوان ئێمە هەڵمان نەچنیوە، لـە ڕووی سیاسـی و ئـەخلاقی و سـایكۆلۆژییەوە ئـەوان هەڵیانـچنی و دروسـتیان كـرد، جارێـك لـە ڕێـی ئایـدۆلۆژیای حیزبەكانـەوە، جارێـك لـە ڕێـی مەزهەبـەوە، بۆچـی سیاسەتبازەكانی خۆمان فێرمان دەكەن كە ئەو دەستەی نـەتوانین بیـبڕین ، مەرجـە ماچی بكەین ؟ كەی تێدەگەن كە گوناهە نەوەی تـازە لەسـەر ئـەو بـەها و كـەلتوورە هەلا هەلایە پەروەردە بكەین، كەلتوورێك كە جگە لە ژێر دەستەیی هیچی بـۆ ئێمـە بەجێنەهێشت ، كەلتوورێك كە ئەگەر ئەمڕۆشی هەبێ ئاینـدەی نییـە ، كـەلتوورێك كە لە هەموو دونیادا جێگەی گومانە؟ تا كەی فێری ئەوەمان دەكەن ئـەوان (سـادی) و ئێمـە ( ماسۆشـی) بـین؟ بـۆ دەبـێ سـواڵكەرانە لەبـەر قـاپی ئـەو پیـاوە گـرگن و چكۆلانەدا چاوەڕێی تیكەیەك نان و كەمێك لە ئازادی بـین ؟ ئـازادی ئێمـە هـەر لای خۆمانە گەر سەكردە و حیزبەكان فێری بەندەواری و كۆیلەبوونمان نەكـەن، ئەوانـە كێ بوون كە لە بەغدا دانیشتبوون و ناویان( ئەنجومەنی حـوكمران) بـووە و كەچـی سێ لەسەر چواریان تەوقە لەگەڵ ژنە حوكمرانەكانی تەنیشت خۆیان بـە ( حـەرام) دەزانی؟ من بۆ خۆم تەریق دەبمەوە دەستووری ولاتێك لەدەست ئەوانەدا بێ و قـسە لەسەر چارەنووسی من بكەن، من دڵنیام حوكمی درندانەی سەدام ئەوانـەی كـرد بـە حوكمڕان و پیاوی فامیـدە و شۆڕشـگێر ، دەنـا گـەر فرۆكـە و زرێ پـۆش خومپـارەی سەدامیان هەبێ، هەرگیز ئەوەندە پاك و تەمیز نابن، ئـەوان كێن كـە بـە مـن بڵێن چۆن بژیم و چۆن بیر بكەمەوە؟ من مـەرگم پـێ باشـترە لـە گـوێگرتن لـە كۆمـەڵێك حوكمرانی سەردەمی بـەرد و قامـچی و شمـشێر كـە ئێـستا قەناعـەتیان وایـە كـە ژن مرۆڤێكـی پلـە دووە، ئـەوان جگـە لـە یاسـای چەوسـاندنەوە و فـرت و فێـل و درۆی سیاسـەت و پـەیمان شـكاندن هیـچی دیكـە نـازانن، ئـەوان كـە ئەمڕۆكـە بـێ كەڵبـە و ددانن هی ئەوەیە كە تەواوی دەسەلاتەكەیان قـۆرغ نـەكردووە، ئـەگینا زۆر بـەوەفان لەگەڵ شمشێرەكانی باوك و باپیرانیان ، ئـەوان ئێـستاش قەناعـەتیان وایـە كـە ئێمـە

کـورده کافرەکـانین و ئـەوانیش ئـالاّ هـەلگر و میراتگـری ئەسـحابەکان و غـەزا و فتوحات و ژن و مەر و فەرشٍ و مریشك بەتالاّنبردن و ئەنفالکردن، ئەوانە ئێـستاش بڕوایان بـە پیـاو سالاری و نێرسـالاری وعـەگال سـالاری و شمـشێر سـالاری هەیـە و منی کورد بە (مـێ) دەزانـن و خۆیـان بـە (نێـر) دەبیـنن، چـونکە خۆیـان کۆمـەڵێك بوونــەوەری ملکـەچ و کۆیلـەن، خۆیــان لــە نــاوەوە بەنــدەوار و چەوســاوەن، ســەر دەسـتەیی ئـەوان لـە ڕووی سیاسـییەوە بەسـەر ئێمـەدا لـەوەوە نـەهاتووە کـە ئـەوان میللەتی هۆشمەند و بەتواناترین لە ئێمە، بەڵکو بـە حـوکمی ئـەو جوگرافیـا لـەت و پەتەی خۆمان و دەرکردنمان لە مێژوو وای کرد کـە ئێمـە کۆلۆنیـالکراوی عـەرەب و عەجەم و تورك بین ، میللەتێکی نکۆڵی لێکـراو بـین ( ئیـسماعیل بێشکچی) وتـەنی ڕۆژ هــەلاّت و رۆژئــاوا دەســتیان تێکــەڵ کــرد تــاوەکو ئێمەلەســەر ئاســتی جیهانــدا گەورەترین غەدری مێژوویمان لێ بکرێ و تا بە ئەمڕۆکەش دەگات ئێمە هەر کۆیلـە و کۆڵۆنـی ( موستەعمەرەی) نێو دەوڵـەتان بـین کـە ڕۆژگـاری ئـەو سـتەمە سیاسـییە دەگەڕێتەوە سەردەمی پاش جەنگی جیهـانی یەکـەم و لـە دوا قۆناغیـشدا کوردسـتان بە خاك و خەڵکەوە لە پەیماننامەی( لۆزان) دا وەك عیسایەکی تـەنیا لـە خـاچ درا ، لـە راسـتیدا ئەگـەر بـە زمـانی سیاسـەت قـسە بکـەین ئـەوە کـورد لـە دوای جـەنگی جیهانی یەکەمەوە و کردنـی ولاّتـان بـە کۆڵـۆنی لـەم ناوچـەیەدا وای کـرد کـە کـورد بەختی ئەوەشی نەبێ کە وەك ئەردەن و عێراق و سوریا کۆلۆنی بێ ، بـەڵکو بـۆ بـە چەندین ( لەتە خاك) و هەر لە تەخاکێکی بە ولاّتێکەوە پـەرچ کـراو لکێنـدرا، هـەر لەو ساوە تا بە ئەمڕۆ دەگات ئێمەی کورد کەوتینە ژێر دەستی چەپەڵترین جـۆر لـە ( سـتەمی ڕۆژهـەلاّتی) کـە سـتەمی تـورك و عـەرەب و عەجـەم و بگـرە لـە پـێش هەموویانــەوە ســتەمی ( بلــۆکی ســوور) لــە ژێــر پاژنــە ئاســنینەکانی گــەورەترین دکتــاتۆری ســەدەی بیــستەمدا کــە خــودی ( ســتالین) بــوو، کــە لــە سەردەســتی ئــەو دکتاتۆرەو لە دوای شۆرشی سوور کورد پەرتەوازە و دەربەدەر کـراو بەسـەر نـۆ (9) کۆماری سۆڤیەتی ئەوسادا دابەشکران، ئیـدی لـەو ڕۆژگـارەوە تـا هەنووکـە ئـەوان لـە

**ناو ئەو مێژووە درۆزن و بەزۆر سەپێندراو و نایەکسان و خوێناوییەدا ستەم دەکەن و ڕۆڵی (نێر) دەبینن و ئێمەش ڕۆڵی ( مێ) مان پێ ڕەوا بینراوە، ڕۆڵی ( نێر) و ( مێ) بەو مانایە کە مێژووی کوێر و ستەمکار دروستی کردووە، مێژوویەك کە هەر هەمووی دەستکردی پیاوەو ( نێر) تیایدا سەردار و سوپا سالارە، کەلتورێکە کە (ژن) تیایدا دەرکراوە وەك ( ئێمە) ی کورد ، کەلتوورێکە کە سەر لە بەری جێگەی گومانە چونکە بە زمانی پیاو و لە بەرژەوەندی پیاودا نووسراوە، کەلتوورێکە شایستەی جۆرێك لە هەڵوەشاندنەوەیە، گەر کەمەکێ واز لە گەمەی سیاسەت و دیبلۆماسیەت بێنین، ڕەزامەندی سەرکردە و حیزبەکانی ئێمە بەو واقیعەی کە وای کردووە ئێمە تا ئەبەد چاوەڕێ بین دەسەلاٌتدارانی عەرەب دان بە بوونی ئێمەدا بنێن، هەمان هەڵویستی زەبوونی و شەرمنی ئێمەیە کە ڕۆڵی ئاغا و سەردار و پیاو دەدەین بە دەسەلاٌتدارانی بەغدا خۆشمان دەکەین بە کۆیلە و خزمەتکار و وەك ئەو ژنە بەستەزمانانەمان لێ دێت کە چاوەڕێین پیاوەکانی ئازادی و سەربەستیان بدەنێ کە شتی وا مەحاڵە، هێزی زۆرینە لەوەدایە کە دەتوانێت دان بە مافەکانی کەمینەدا بنێت، وەك چۆن جوانی پیاوێکی ئازادیخواز لەوەدایە کە دەتوانێ بەو پەڕی ڕەهاییەوە سەربەستی بدات بە ژن و خوشك و کچ و دایکی ، بەلاٌم پیاوێکی گرگن و ترسنۆك و کۆیلە هەرگیز ناتوانێ ئازادی بدات بەو ژن و کچانەی دەور و بەری ، چونکە دواجار کۆیلە ناتوانێت سەربەستی بە کۆیلەیەکی دیکە ببەخشێت، عەرەب و تورك و عەجەم کە دەبنە کارەکتەری سیاسی چونکە لە خودی خۆیاندا کۆیلەن ، مەحاڵە ئازادی بۆ کورد بە هەق و ڕەوا ببینن، سواڵکردنی سەربەستی لە دەسەلاٌتدارانی ئەو سێ ولاٌتە ئەو پەڕی بەستەزمانی و گێلییە ، ئەوان هەمیشە لەو مێژووە زۆڵ و درۆزنەدا خۆیان بە (بکەر) و ئێمەش بە (بەرکار) دادەنێن، ئەوان هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە یەك دونیا شت و بەهای پیرۆزیان هەیە کە بە زۆر بەسەر ئێمەدا سەپێندراون کە دەبێ بە پیرۆزیان بزانین و هەرگیز گومانیان لێ نەکەین ، کەچی زۆرێك لەو بەها و شتانەی ناو مێژووی عەرەب و تورك و عەجەم**

جێـی پرسـیارن و شـیاوی ئەوەشـن کـە بـە چاوێکی ڕەخنەگرانـەوە سـەیر بکـرێن و قابیلی گومانی گەورە و هەڵوەشاندنەوەن، ئەوەشیان هەر حوکمێکی نێرسالارییە کـە فەرمان دەردەکات و ئەوەی کە بە ژمـارە کـەمترە و هێـزی سـەربازی ئـەوتۆی نییـە ، دەبێ فەرمانەکـە جێبـەجێ بکـات، بـە ( نێـر بـوونی) داگیرکـەرانی کـورد لـە بـوونی هێزێکی سەربازی پڕ لە چەك و جبەخانەدا خۆ دەنوێنێ ، نەك لە بوونی کۆمەڵێك بەهای فیکری و ڕۆحی ئـەخلاقی ، هێـزی ئـەوان وا بەسـەر نـووکی شمـشێرەوە وەك خۆیان دانی پێدا دەنێن، بە وەرگرتنی دۆخی (مێبوونی) ئێمە لـە بـەردەمی ئەوانـدا تەنها لەوەدایە کە خاوەن ئـەو هـەموو تـۆپ و تانـك و فرۆکـە و سـەربازە زۆرە نـین، بەتایبـەتی کـە لـە مێـژوودا یەکـەم تێکـشکانی (مـێ) لـە بـەردەمی ( نێـر)دا دوای دۆزینەوەی ئاسن و برۆنز بوو، دوای دروستکردنی چەك و پەیـدا بـوونی جـەنگاوەر و چوون ڕووە و کوشـتارگاکان و داگیر کردنـی خـاك و بـەدیل گرتنـی خـەڵکی دیکـە بوو، لە هەر قۆناغێکدا داگیرکەران لەگەڵ ئێمەدا دانیشتبن، پـتر گەمـەی سیاسـەت و دیپلۆماسیەت و فریو و هەڵخەڵەتاندن  بووە، نەك گەمـەی ئـازادی و ڕێکـەوتن، لـەو پێچەدا کە کورد توانیویەتی هێز و توانای بەرگری بنوێنێ وتـەنها ئەوکاتـە لـە ڕێـی گفت و گۆوە تەقەللای داوە ماف و هەقێك دەستەبەر بکات ،کـەمترین داوای ئـازادی، ئەوەش تەنها ئەو کاتـە بـووە کـە وەك جـەنگ و کوشـتار لەبـەردەم بـەرگری ئێمـەدا هیلاك و ماندوو بوون، هەر ( مفاوەزات) ێك پشووی نێوان جەنگەکان بـووە، ئـەگینا قەت بڕوایان بە گفت و گۆ نەبووە، ئەوان بە درێژایی سەدەها ساڵ فـەرمانی خۆیـان بە پیرۆز زانیوە و کەمترین داوا و هەڵگەرانەوە و گومـانی ئێمـەش بۆتـە کـوفر و لـە ڕێ لادان و خیانـەتی نیـشتمانی، لـە هـەر تەنگانەیـەکی سیاسـی و چارەنووس-سـازدا پەنایان بۆ کورد بردووە و بەڵێنی ئازادیان پێداوین ، کە سـەرکەوتوون، یەکـەم شـت کە کردوویانە هەڵواسین و لەناوبردنی ئێمە بـووە، مێـژووی ئێمـە لەگـەڵ عـەرەب و تورك و عەجەم مێژووی قـەنارە و پـەیمان شـکاندن و شـەڕە درێـژ و خوێناوییـەکان بـووە، هەمیـشە چ سـەرکەوتوو بـووبن و چ ژێرکـەوتوو، ئاهەنگـەکانیان بـە مـەرگی

ئێمە رازاوەتر بووە و شکستەکانیشیان بە تۆڵە کردنەوە لە ئێمە کۆتایی هاتووە، سەرکردە و شۆڕشگێرەکانی کورد یان لە ژێر پەتی سێدارە مردن یان لە تاراوگە، ئەوان خۆ بە سەردار و سێبەری خودا دەزانن و ئێمەش بە کۆیلە و بەندەوار ، ئێمە بۆ هەمیشە دەبێ ملکەچی فەرمانەکانی ئەوان بین و جگە لە ( بەڵێ) چاوەڕێی هیچی دیکەمان لێ ناکەن ، ئەوە نێرە کە مێ لە ناو مێژوودا دەردەکات ، هەموو هێزە ڕۆحی و مادییەکانی بەکار دێنێ تا جارێکی دیکە دەرگاکانی لێ دابخات و ڕێ نەدات هاوشانی ( ئەوی نێر) بکەر و کارا بێ ، هەمان ئەو دۆخەیە کە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ عەرەب و تورك و عەجەم ڕەسم دەکات ، هەموو( نەخێر) ێك بە واتای هەڵگەرانەوەیە لە یاسا پیرۆزەکانی ئەوان کە سزاکەی جگە لە کوشتن هیچی دیکە نییە ، هەمان پەیوەندی ناشیرین و ناجۆری ( نێر- بە – مێ) یە ، ئەوی دەسەڵاتدارو نێر لەسەر بچوکترین گوناه دەتوانێت زیندانەکان بە من و تۆ پڕ بکاتەوە، بیرمان نەچێت هەموو زیندانەکان دەستکردی نێرینەن ، زیندان دەکرێ بەندیخانە بێ یان پانتایی ژوور و ماڵێك کە تیایدا ( نێر) ئەوپەڕی دەستەڵات دەنوێنێ ، ئەوی نێر دەتوانێت کەی حەزی کرد میهرەبان بێت و کەی حەزی کرد دڵڕەق بێت ،ئەوی نێرو دەستەڵاتدار دەتوانێ جوگرافیای بوونی من دەستنیشان بکات، هەر ئەویشە دەتوانێ کە هیچ جوگرافیا و مێژوویەکم پێ ڕەوا نەبینێ ، لە باشترین حاڵەتدا من – ی کورد، هەنووکە و لێرە، هەلی ژیانەوە و مانەوەم هەیە بەو مەرجەی کە پابەندی جوگرافیا و مێژووی ئاغاکانم بم ( هەڵبەت بە ئاغا بوونێك کە بەزەبری هێز بەسەر مندا یان ئێمەدا سەپێندراوە) هەموو چەشنە بیرکردنەوەیەك لە جوگرافیا و مێژووی تایبەت بە خۆم حەرامە و سزا سووکەکەی ( ئەنفال) و ( کیمیا باران کردنە) و گۆڕینی سەرزەمینی ئێمەیە بە کوشتارگا ، یاخود ڕاونان تا ئەو دیو سنوورەکان، گردکردنەوەی ئەو هەموو هێزە زۆرەی کە دژ بە ئێمە بەکاردێ بێ سامان و داراییەکی زۆر و کردنەوەی بانقەکان و کڕینی ئەو هەموو تۆپ و تانك و جاشە جێبەجێ نابێت ، هەمیشە ئەوانی دەسەڵاتدار و خاوەن

هــەر هــەموو سەرچــاوەكانی هێــزی مــادی و دارایــی دەتــوانن لەبــەردەمی ئێمــەدا بوەستنەوە كە جگە لە ( میوان بـوون لـە گونـدەكان) هیـچی دیكـەمان پـێ نـەدەكرا، ئەوە هەر ئەوانیشن كە بریار دەدەن زمانی خۆیان زمانی سـەردار وئاغـا و گـەورەیی وڵاتە، زمانی ئەهلی بەهەشت و هەم هـی دۆزەخیـشە ، زمـانی ئـەوان زمـانی رەسمـی دەوڵەتــە، هــەروەك بــەدایك و نــەنكمیان دەوت كــە دەمــرن لــەناو گۆرەكانتانـا دوو فریشتە دێن و ناویان ( مەڕنمووكە) یە پرسیارتان لێ دەكەن، بە زمانێكی فەسیحی عەرەبی و بە قودرەتی قادر وەڵامیان دەدەنەوە، بـە درێـژایی تەمـەنم دایكـم لـە مـن دەپارایەوە كە پرسیار و وەڵامەكانی ئەو ( حەشر و نەشر)ەی فێـر بكـەم ، دەگریـا و خـۆی بـە نـەفرەت دەكـرد كـە وەڵامـەكانی نـاو گۆڕەكـەی پـێ ئەزبـەر نـەدەكرا، ئـەو ڕۆژەی كـە دەسـەڵاتدارانی كـورد پۆسـتی تازەیـان لـە بەغـدا وەرگـرت و بـە عـەرەبی سوێندیان خوارد من تێگەیشتم كە لە عێراقی تازەدا زمانی ژیان و مانەوە و حەشـر و نەشر هەر دەبێـت زمـانی عـەرەبی بێـت، ئـەو ڕۆژە مـن دایكـە نەگبەتەكـەی خـۆم بیركەوتەوە كەوەك ئەو دەسەڵاتدارە كوردانە بە زمـانێكی ( فـصیح) وەڵامـی ژیـان و مـەرگی پـێ نـەبوو، ژیانێـك كـە دیـسانەوە پـرۆژەی مـەرگ و ئـەنفال لـەناو هـەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت، سوێندی سیاسەتبازێك كە دواجار دەمانكا بە كۆیلـە و بەنـدەوار ، لـە باشـترین حاڵەتـدا خزمـەتكاری زۆڵترین دەوڵـەت كـە بـە زۆر لـە تـەك خـاك و خەڵكەكەی بە یەكەوە پینـە كـراوە، دیـارە هـەر عێـراق نییـە كـە وەك دەوڵـەت یـان وڵاتێكی یـەكگرتوو نـاوی دەبرێـت و كەچـی لـە راسـتیدا لـە كەچـەجلێكی پینـەكراو دەچێت كە لەوەتەی هەیە تەقەڵەكانی دەڕزێن و سەر لە نـوێ پینـە دەكرێنـەوە، لـە ڕووی سیاسـی و فەرهەنگییـەوە حـاڵی توركیـا و ئێـران و سـوریا لـە هـی عێـراق دامەزراوتـر نی یە ، هەر هـەموویان لـە ڕێـی زەبـر و زەنگـەوە حـوكم دەكـەن ، نـەك دۆزینەوەی زمانێكی هاوبـەش ، هـەمووومان دەزانـین كـە لـە ئـەمریكا و ئوسـترالیا و ئاوروپاش نەتەوە و كەلتوور و زمانی جیاواز هەن و بە یەكەوە دەژین ، وەلێ لـەلای ئـەوان چەشـنێك لـە دۆزینـەوەی زمـانی هاوبـەش كـە بناغەكـەی بـوونی دەسـتور و

**کۆمەڵێك یاسایە کە دەتوانێت پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕێك بخات، بەلاّم لە ڕۆژهەلاّتی ناوەراست هەموو چەشنەکانی بە یەکەوە ژیانی سیاسی جگە لە وەهم و درۆ هیچی دیکە نی یە ، بە بۆچوونی من لە عێراقێکی تازەدا کورد بۆ جارێکی تر چۆتەوە ناو گەمەیەکی سیاسی کە جگە لە درۆ و وەهم هیچی دیکە نییە و ئەگەر دووبارە بوونەوەی کارەساتەکان لەناو چەشنێك لە چەشنەکانی کوێر بوونی سیاسی و ئامادەبوونێکی دیکەی ئێمەیە بەوەی ببینەوە پرۆژەیەکی قوربانی ، سەر لە نوێ سیاسەت دەمانکاتەوە بە سواڵکەرەکانی بەرقاپی مێژوو.. پەرپووتترین دەرۆزەکەرانی سەربەستی ..!**